# ماركسی حزبی و ماركسی فەلسەفی

## نیهاد جامی

كاتێ لەناو كلتوردا خاوەن دەقێكین, دەقێك دەیەوێ مەعریفە لە ئەمڕۆدا بخاتە ڕوو, ئەوا دەبێ خوێندنەوەی جیاوازو نوێ بۆ دەق بكەین, ئەوەش ساتەوەختی مەعریفەیە بۆ ڕۆشنكردنەوەی ئێستا, بۆیە پرسیاری ئێمە لە چۆنیەتی دەست كەوتنی مەعریفە, پرسیارێكە تەنها بەوە ناوەستێ كە ئاراستەی خۆمانی بكەین, بەڵكو دەبێت لەگەڵ دەقدا ڕووبەڕووی بكەینەوە, چونكە ئێمە نابێ دەق وەك كلتورێكی فەرامۆش كراو سەیر بكەین, دەقی زیندوو ئەو دەقەیە كە دەبێ پرسیارەكان ئاراستەی سێنتەری دەق بكرێت, بەڵام بەمەبەستی گەڕان بەدوای پرسیارەكان, نەك ئینتیماكردنێكی سەلەفیانە بۆ دەق, چونكە ئینتیماكردنی سەلەفیانە بۆدەق جگە لەبەرهەم هێنانەوەی گریمانەی مێژوویی هیچتر ناخوڵقێنێ, ئەوەش زەمەنێكە دەق لە ئێستا دادەبڕێت.

بونیادی زیندووی دەق كەپرسیاری ئاراستە كراوە, ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵیدا مەسەلەیەكی ئاكاریە, كەزیندویەتی ئەو فەرامۆش ناكەین وبەشداری لە پرۆسەی بیركردنەوە پێدەكەین, ئەوەش هاوبەشیەكی فكریە لە دژی ئەو وەهمانەی دەیانەوێ بە زلهێزی و لەژێر تیشكی ڕۆشنایە هەڵخەڵەتێنەرەكان مەرگی دەق ڕابگەیەنن و خۆیان بە ئەلتەرناتیڤی دەق پێناس بكەن.

بۆیە تاكە ئومێد بۆ ئیشكردن لەناو پرسیارەكاندا تەنها داننانە بە زیندویەتی, بەوەی دەتوانێ لەگەڵمان هاوبەش بێت لە بیركردنەوەدا, ئەوەش هێنانەوەی تارماییەكەیەتی لەنیوە شەودا تا مەرگ بسڕینەوەو دڵنیابین لە زیندوویەتی, بۆیە ماركسیزم بۆ جاك دریدا لەنێوان دوالیزمی ژیان و مردندایە, هێنانەوەشی بۆسڕینەوەی مەرگە, ئەوەش ئلتیزامێكی ئاكاریە كە هەڵوەشاندنەوە پێی هەڵدەستێ ولەڕێگەی ئەو دوالیزمەوە تارمایی دێنێتەوە, لەگەڕانەوەشیدا دەبێت بپرسین: تارمایی چییە؟

دیارە ناوبردنەوەی ماركس بە تارمایی لە دوو ڕووخسارداپە, كەیەكەمیان هەیمەنەی گوتاری ماركسیزمە بەسەر گوتاری ژیاری خۆر ئاوادا, بەوەی ئەو تارماییە دەیەوێ خۆی بە تاكە فەلسەفە ناو ببات و هەیمەنەی گوتارە فەلسەفیەكانی تر بكات, ئەوەش هەوڵدانێك بوو بۆ قبوڵ نەكردنی جیاوازی, ڕەتكردنەوەی دەنگەكانی تربوو, بەرامبەر بە دوژمن سەیر دەكات, بۆیە بەتارمایی بینینی ماركس شكستێكی لەناو خۆیدا هەڵگرتبوو, كەشكستی ماركسی ئایدیۆلۆژیە نەك فەلسەفی, شكستی ئەو عەقڵەی كە هەڵگری گوتاری ماركسیزم بوو, ئەو عەقڵەی دەیویست پێمان بڵێت"تارمایی ئەورووپی..تارمایی كۆمۆنیزمە"(1)

بۆیە بەپیرۆز كردنی دەقی ماركس هۆكارێكی سەرەكیە بۆ سەیركردنەوەو بە دۆگما كردنی ماركس, ئەوەش مەترسیەك بوو ئەنگلس زوو هەستی پێی كرد, بۆیە وای دەبینی كەلەگەڵ كەشف بوونی نهێنیەكانی گەردوون, دەبێت ماركسیزم هەوڵی بەخۆدا چوونەوە بدات, بەڵام بەپیرۆز ڕاگرتنی دەق وای كرد كەچەمكی كۆتایی مێژوو بۆكۆتایی ماركس ڕابگەیەندرێت, ئەگەرچی ئەوە كۆتایی ئەو عەقڵەبوو كەدەیویست هەڵگری گوتاری ماركسیزم بێت لەناو دنیایەكی مت بوو, بۆیە كاتێ دریدا ئەو تارمایە دەگەڕێنێتەوە, مەبەستی لەو ڕووخسارەی نیە بۆسەر ژیاری خۆر ئاوا, بەڵكو مەبەست ڕزگاربوونە لەوهەمەكانی كۆتایی, ئەوەش دەركەوتنی ڕووخساری دووەمی تارماییە, ڕووخسارێك بۆ ڕزگاربوون و كەشف بوونی حەقیقەت دێت, كەبەدڵنیاییەوە ترسێك هەیە ئەویش ترسی تارماییە, ئەو ترسەی لە نێوان كۆمۆنیزم وكۆتایی مێژوو تووشی بەریەككەوتن دێن, ئەوەش ترسێكی هاوبەشە لەسەر تارمایی یەكتری كە دریدا پێی وایە ئەو ترسە لەهەر شتێكی تر مەترسیدارترە.

بۆیە دریدا هەرگیز نایەوێ تارمایی ماركس بگەڕێنێتەوە, تاوەكو بەرەو یەك فەلسەفە ڕێگا ببرین, بەڵكو مەبەستی ڕزگاركردنی تارمایە لەناو ماركس, ئەو تارماییەی تالێیەوە دەرباز نەبین, ناتوانین دەقەكانی بخوێنینەوە, دیارە ئەو پرسیارەی هەریەك لە دریداو فۆكۆیاما دەیكەن لەبارەی ئایندەی ماركسیزم, پرسیارێكە هەڵوەشاندنەوە دەیەوێ بە پێچەوانەی كۆتایی مێژوولەبری مەرگ ڕاگەیاندن, داوا دەكات سەرلەنوێ و لە گریمانەی جیاوازدا دەقەكان بخوێنینەوە, بۆیە ئێمە لەبەردەم هەردوو ڕووخسارەكەی تارمایی دەبێت بپرسین: ئایا زەمەنی ماركس گەڕانەوەی مێژووی تارماییە؟ یا تارمایی لەپێناو گەڕانەوەی جیهانی وێرانكراو دێت؟

چونكە تارمایی بۆ ئەوە نایەت داكۆكی لەمانەوەی خۆی بكات و درێژە بە ڕووخساری یەكەمی خۆی بدات, بەڵكو دریدا بۆ ڕزگار بوونی ئێمە دەیهێنێت, ئەوەش بینینی ماركس نیە بە فریاد ڕەسێك, ئێمە دڵنیاین لەوەی "ماركس دەرمانی ڕزگار بوونمان ناداتێ, بەڵام ئەوەمان بیر دەهێنێتەوە كە نەخۆشین و واچاكترە مشورێكی چارەسەركردنی خۆمان بخۆین, ئەو هەندێ دەرمانیشمان بۆ دەست نیشان دەكات, بەڵام لەسەر ئێمەیە كە لەئاست كاریگەری ئەو دەرمانانە بتۆژینەوە"(2)

ئەوەش بۆ هۆشیار بوونەوەمانە لەناو گوتاری مانەوە, تاوەکو هەوڵی گۆڕانی ئەو گوتارە بدەین کە زەمەنی ژیانی کوشتووە, کاتێ تارمایی دێتەوە بە مەبەستی تێگەیشتنمانە لە حەقیقەتی تاوانی کوشتن, بۆیە ئەو دەیالۆگەی تارمایی کە خۆی بە ڕۆحی باوك بە ئێمە دەناسێنێ, دەنگێکە بۆ وریابونەوەی ئێمە, بۆ بێدەنگ نەبوونمان لە کوشتن.

بێدەنگ نەبوون چەندە ئیلتیزامێکی ئاکاری دریدایە لە زەمەنی نەمانی بەها ئاکاریەکان بۆ گەڕانەوەی پێودانگوبەهاکان, هێندەش وەڵامێك وهەڵوەستەیەکە بۆ ئەوانی بە پۆست مۆدێرنیتی ناوی دەبەن, چونکە بەشێکی دیاری پۆست مۆدێرنیتیەکان مارکس بەیەکێك لە حیکایەتەکان سەیر دەکەن, بەڵام دریدا مارکسی فەیلەسوفی مۆدێرنیتی دەگەڕێنێتەوە ناو باسی فەلسەفی و بەوەش دەبێ زۆر جیاوازتر سەیری دریدا بکەین و لەناو پۆست مۆدێرنیتی نەیهێلینەوە, وەك چۆن کاتێ مارکس بەتارمایی ناو دەبات, مەبەستی لە بەتارمایی کردنی مارکس نیە بۆ ژیاری خۆر ئاوا, کەدیارە ناشیەوێ بەو فەیلەسوفە ناوی بەرین کە دابڕانی ئەبستمۆلۆژی لە فەلسەفە هێناوەتە کایەوە, ئەگەر بەلایەوە گەمەی زمانەوانی بەمەبەستی کەشفکردنی نادیاری دەق بێت, ئەوا لە خوێندنەوەی بۆ مارکس لەو ستراتیژە نامێنێتەوە, بەڵکو گەڕانەوەی بۆ مارکس لەتایبەتمەندێتی ڕەخنەی مارکسەوە هاتووە, کەدەتوانێ بەبێ پێك گەیشتنی زەمەنیو پەیوەندیی ڕێکخەر لەنێوان شتەکان ڕەخنەکانی خۆی ئاراستە بکات, بەمانای ئەوەی دەقی مارکس ئەو توانایەی تێدایە بەبێ گەیاندنی (زەمەن..مرۆڤ..شتەکان)پەیوەندیی دروست بکاتەوە بە (ئێستا)مان, ئەوەش بۆ هەڵوەشاندنەوە توانایەکی دروست دەکات کە سنورێکی بۆ پەیوەندیەکانی دروست نەکردووە, واش لە دریدا دەکات, نەتوانێ وەك هەر فەیلەسوفێکی تر مارکس ببینێت, بۆیە مەبەستیەتی ڕاڤەی ئەو کلتورە فەلسەفیە بکات کە مارکس بەرهەمی هێناوە, ئەگەرچی خاڵی ترازان لە خوێندنەوەکەدا لەوێ درزێك دەخاتە نێوان(دیالەکتیك/هەڵوەشاندنەوە)بەوەی بەهۆی دروستکردنی وێنەی تارماییو دواتر مردنی ئەو تارماییە بە مەرگی مارکس ناو دەبرێت.

هەڵوەشاندنەوە دەیەوێت ئەو خاڵی ترازانە بکاتە پانتاییەکی فەلسەفی بۆ دەیالۆگ, بەوەی مردن ببێ بە خوێندنەوەیەکی تر, ئەوەش هەڵوەستە کردنی زەمەنیە, گەڕانەوەی مارکسە لە ئایدیۆلۆژیاوە بۆ فەلسەفە.

کوشتن پرۆسەیەکە مەحالیەت نییە, بەڵام دەبێ لە نێوان دەمامكو خود بزانین کامیان کوژراون, ئایا کۆتایی مێژوو بەکەوتنی دەمامك دەتوانێ کۆتایی خود ڕابگەیەنێت؟

چونکە خود نەمردووە, بەڵکو ئەوە دەمامکە لەشەڕی ئایدیۆلۆژیا شکست دەخوات, ئەو شەڕەی لەدەرەوەی ململاّنێی فەلسەفیەوەیە, بەواتایەکی تر باوکی کوژراو.. باوکی فەلسەفی نییە, بەڵکو باوکی ئایدیۆلۆژیە, تارمایش ئەمجارە تارمایی مردوو نیە, بەڵکو تارمایی فەلسەفیە حیکایەتی مەرگی ئایدیۆلۆژیاو ململاّنێکانی دەگێڕێتەوە, هەربۆیە ئەوەی ڕوویدا حەقیقەتێکە کەمارکس لەیەکەم لاپەڕەی مانیفێستدا ئاماژەی بەو تارمایەدا کەلەئەوروپادا لەهاتو چۆدایە, ئەویش.. تارمایی کۆمۆنیزمە, دواتر"ئەنگلس"یش لەپێشەکی چاپە ئینگلیزیەکەیدا, پراکتیزەکردنی مانیفێست لەهەر شوێنێکدا بۆ بارودۆخو مێژووی ئەو کاتە دەست نیشانکراوە دەگەڕێنێتەوە, بۆیە گەڕانەوەی تارمایی لەلای دریدا دڵنیابوونە لە زیندوویەتی, ئەوەش ژیانی هاوبەشی ئێمەیە لەگەڵ تارمایی بەهەموو ڕەهەندەکانیەوە, هەر ئەوەش وامان لێ دەکات بەشێوەیەکی تر توانای ژیانمان هەبێت لەگەڵ(ئەو)دا, ئەو تارماییەی لە نیوەشەودا دێتەوە, نەك ئەوانەی لە (ئێستا)قسە لە مەرگدۆستی دەکەن, بەڵکو بینینەوەی تارماییودان بەو مەرگە نەهێنین کە تائێستا دادوەری تێدا نیە, بۆئامادەگی دادوەریش دەبێ قسە لە تارمایی بکەین, بەبێ قسەکردن لە تارمایی لەجیهانێکدا ین لەناو نائامادەگیەکی ئاکاری گەورەدا دەسوڕێینەوە کەتوانای پرسیاری داهاتوومان لەدەست داوە, بەوەی داهاتوویەکی ناڕۆشن بەهۆی ژیانی ئێستاو ڕابردوو دەبینین, توندوتیژی سیاسیو قوربانیانی جەنگ ئومێدی ژیان دەکوژن, چۆن بەو دڵە ڕاوکەیەوە تارمایی ئومێدی ژیان درووست دەکاتەوە؟

ئەوەش پرسیارە لە داهاتوو, بەوەی بەرەو کوێ دەڕۆین؟ فەلسەفەو دەق ئاراستەکانیان بەرەو کوێ دەگۆڕن؟ ئەی ئێمە لەگەڵیاندا ڕووەو کوێ سەر هەڵدەگرین؟ ئایا هەڵوەشاندنەوە بەو جۆرە پرسیارانە دەتوانێ دادوەری وەدەست بێنێتەوە؟ یان تەنها مەبەستی هەڵوەشاندنەوەی ئەو گوتارەیە کە ژێر خانێکی وێرانی بۆ داهاتوو خوڵقاندووە؟

دەبێ لەو پرسیارەوە وێستگەیەك بدۆزینەوە کە دابڕین لە بەردەوامی, چونکە بەردەوامی ڕێگا نادا دادوەری لەگەڵ خۆمان بەرینە ناو داهاتوو, بەهەڵوەشاندنەوەی ئەو دیدەی ئەمڕۆ دادوەری دەتوانێ پاشەڕۆژێکمان بۆ دابین بکات, بەجیاواز لە ژیانی هەنوکەییمان کەبەرەو مەرگ ڕاپێچمان نەکات, هەموو ڕاستیەکان لەگەڵ دەرکەوتنی تارمایی دەست پێدەکەن, نهێنی ڕاستی شاراوە ئەوەی سیستمێك هەوڵی شێواندنی دەدات, بەڵام گەڕانەوەی تارمایی کوشتنی چاوەڕوانیە, ئەو کوشتنەش تێکشکاندنی سیستمی فاسدبوونە, گەڕانەوەیە بۆئەوانەی لەدەستمان داون, ئەوەش خوڵقاندنێکی تر نییە کەلەگەڵ واقیعدا بیگونجێنین, بەڵکو واقیعی ئەو ڕەوتەیە کەهەڵگری کۆمۆنیزمەودەیەوێ سیستمی ئێستا هەڵوەشێنێتەوە, ئەوەش هەڵوەشاندنەوەی ئاکارێکی سەپێنراوەوکۆمۆنیزم دەیەوێ مێژوویەکی جیهانی تێدا بسەپێنێ‌ونەبیەستێتەوە بەنەتەوەیەكوکێشوەرێکی تایبەتەوەو بۆیە کاتێ دەمانەوێ ئەوانەی لەدەست دراون بیگەڕێنینەوە, شۆکێك نیە ئەمڕۆ توشی هاتبین, چونکە ئەوە کلتورێکە بەدرێژایی مێژوو هەوڵیداوە خۆی بخزێنێتە ناومانەوەو لەگەڵماندا بکەوێتە ململاّنێیەکەوە.

هاتنی تارمایی ئەو حەقیقەتە شاراوەمان بۆ ڕوون دەکاتەوە کەئەوەی ڕوودەدات کارێکی تازە نییە, ئەوەشە تارمایی داوامان لێ دەکات دوای بکەوین, تالەو ڕاستیەمان بگەیەنێت, تارمایی بەرەو کۆلانەکانی مێژوو دەمانبات, بەوەی ئەوەی ڕوویداوە سیستمێکە بۆ فاسدبوون کەدەبێ هۆشیاربین لەبەرامبەری نەك بە دابڕانو ئەزموونو قۆناغێکی نوێ ناوی بەرین, بۆیە ئێمە وەك هاملێت بەتارمایی نالێین"لەوە دوورتر لەگەڵتا نایەم" چونکە تارماییەکەی ئێمە و ئەو یەك وەلامی پێیە "من ڕۆحی باوکتم" ئەوەش ڕاچەنینێکی مێژووییە کەدەبێ لەتاوانی کوشتنی تارمایی وریا بینەوە, چونکە ئەو تاوانە هۆکاری سەرەکیە بۆ درووست بوونی ئەو دۆخەی (ئێستا)ی تێدا بەرهەم هاتووە, ئێمە لە بری ئەو پرسیارەی هاملێت کردی, دەتوانین پرسیاری تر بکەین, چونکە پرسیارەکەی ئەو گومان بوو لە تارمایی, بەلاّم ئێمە گومانمان لە تارمایی نیە, بەو پێیەی بەبەشێکی لە سیستمی سەپێنراوی دەزانین, بەڵکو دەمانەوێ ڕووی فەلسەفی تارماییمان بۆ ئاشکرا بێت, ناسینو دەلالەتی ئامادەبوونی چ ڕەهەندێکی مێژوویی دەگرێتە خۆی؟ ئایا ئەو پرسیارە تووشی بەریەککەوتن نابێت لەگەڵ پرسیارە گوماناویەکەی هاملێت"من هەم یان نیم, ئەوەیە گرفتەکە" چونکە پرسیار لەهاتنی تارمایی پرسیارە لەگەڕان بەدوای شوناس, لەوەی تەنها سێبەرێکە یان حەقیقەتێکە بۆ ئاشکراکردنی تاوان؟

لەکاتی دوانی تارمایی ئێمە ئەوەمان بۆ ساغ دەبێتەوە کەتارمایی سێبەر نییە, چونکە ئەو دەئاخڤێ, بەواتای توانای دواندنی هەیەو هاتووە تا ئەو لێڵیەی خراوەتە سەر (زەمەنی ئێستا) ڕۆشنی بکاتەوە, ئەو زەمەنەی لە ئێستادا کۆتایی ڕادەگەیەنێت, بەوەی هەموو شتەکانی دوێنێ ئەوانەی لە (زەمەنی ڕابردوو)بەهای خۆیان دەست نیشان دەکرد, ئەوا ئەو زەمەنە دەبخاتە ناو پرۆژەی کۆتایی.

کۆتایی لێرەدا بەیەك ڕوانین سەیری(مێژوو..فەلسەفە..مرۆڤ) دەکات, ئەگەرچی کۆتایی ئەو چەمکەیە کەناتوانێت بێتە ناو فەلسەفە, چونکە چەمکێکە خاوەنی یەك ڕەهەندە, هەربۆیە بوونی خۆشی فاکتەرێکی درەنگ هاتووی نێو فەلسەفەیە, چونکە ئەو چەمکە لەسەردەمی (هیگل)ەوە ویستویەتی بێتە ناو کایە فەلسەفیەکان, بەلاّم چونکە خاوەن یەك ڕەهەندە لە تێڕوانینەکانی, ئەوەش وای کردووە ئاسۆیەکی بۆ داهاتوو نەبێت, بەڵکو هەڵگری گوتارێکی ساتەوەختیە کە گەر بەناو ڕەهەندە قوڵەکانی فەلسەفەدا بیبەینە خوارەوە, بۆخۆی تووشی شکست دێت, ئەوەش هەناسە کورتی چەمکی کۆتاییە, کەتوانای نیە فەلسەفە بباتە ناو پرۆژەی سڕینەوە, بەلاّم ئەوەی وادەکات گەڕانەوەی "فۆکۆیاما"بۆناو هەمان باس گوێی لێ بگیرێت, دەگەڕێتە بۆتەئویلکردنی ڕووداوێك, بەواتای ئەوەی ئەو وەك (هیگل) پێشبینی ناخاتە ڕوو, بەڵکو هەرەس هێنانی بلۆکی سۆسیالیستی بەکۆتایی مێژوو ناو برد, یانی ئەو هات تەئویلی بۆ ڕووداوەکە کرد, نەك پێشبینی گوتارەکە بخاتەڕوو کەبەتەئویل کردنی چەمکی فەلسەفی فەزای ئەو چەمکەی لەناو دەقەکانی مارکسو هیگل دۆڕاند, لەبەرئەوەی ئەو نەیتوانی پەیوەندی"نێوان ڕێژەگەری مەعریفەی مرۆیی لەکۆمۆنیزمی مارکسو سرووشتی مرۆڤ لە نالۆژیکیەت و تێپەڕ بۆ مێژوو لە لیبرالیەتی هیگل"(3)ڕابگرێت, بەڵکو بەبێ نرخ دانان بۆ هەریەك لەو دوو چەمکە فەلسەفیە کاری کردووە, ئەو هەرگیز نەیتوانیوە ڕەخنە لەوە بگرێت کەمارکسیزم لەناو فەلسەفە پێکهاتەی دەسەلاّت دەخولقێنێت, دەسەلاّتێك لەوەوە هاتووە کاتێ دریدا مارکس بەکۆمەڵە تارماییەك ناو دەبات کە(نەتەوە..خێڵ..کۆمەڵگا)پێك دێنن, بەبێ سەرۆکێك, بەڵکو دەسەلاّتێکی کۆمەڵییە, دەسەلاّتێك هیچ کۆبوونەوەیەك ئەوانی کۆنەکردۆتەوە, بەڵکو ئەوە فرە بەهێزی دەسەلاّتی مارکسیزمە کەدەیەوێ لەسەردەمی نەمانی ئاکار دادوەری دابمەزرێنێتەوە, هەڵەیەك نیە لە مێژوودا تاوەکو شەرمەزراربین بەوەی شەرم لەگەڕانەوەی حەقیقەت ودادوەری بکەین, مادامەکی هێنانەوەی تارمایی..کە ڕۆڵی حەقیقەت دەگێڕێت, هێنانەوەش گەڕانەوەی دادوەری بێت, چونکە ئەو دوو چەمکە پێکهاتەی جەستەی تارمایین کەدەبنەوە سزادەری مێژووکوژ, ئەوەی بانگەشە بۆنەمانی دادوەری دەکات, نەمانیشی بەواتای سڕینەوەی پەیوەندی(ئەو) بە (ئەویتر), تاوەکو تاوانی کوشتن بشاردرێتەوە, ئەوەش لەلای شکسپیر سڕینەوەی پەیوەندیی نێوان(تارمایی)و (پاشا)یە, چونکە نەبوونی پەیوەندییە کۆشك هۆشیار دەکاتەوە, لەوەی پاشا تارمایی کوژەو بەدەمامکی فێلاّویەوە دەسەلاّتی وەرگرتووە, ئەوکاتە دەبێ ئەو پەیوەندیە ئاکاریە بگەڕێتەوە کەلەنەبوونی ئاکار پاشا "غرترود"ی دایکی هاملێت مارەدەکات ودەیکات بەهاوسەری خۆی.

نەمانی دادوەری سیستمێکی نائاکاری گەورە دەسەپێنێ, کەبوون و نەبوونی هاملێت دەبێتە پرسیار لە شوون بزرکردنی حەقیقەت, بۆیە گەڕانەوەی تارمایی مەعریفە خستنە سەر زەمەنی ڕابردووە, گێڕانەوەی تاوانێکە, تاوانێك کەهەر کوشتنی دەسەلاّتی لەخۆ نەگرتووە, بەڵکو پەیوەندیە کۆمەلاّیەتیەکان و سیستمە ئاکارییەکانیشی گۆڕیووە, بۆیە دریدا هێنانەوەی تارمایی مارکس بەتاکە ڕاستی جەوهەری دادەنێت کەئەوەی کەشفی ئەو تاوانە بکات مەعریفەی دەقە, ئەو دەقەی جارێکی تر پرسیارمان لادەرووژێنێتەوە بۆ ناسینەوەی کارەکتەری پیاو کوژ, بۆئەوەش فاکتەری ئەو شەڕە بە مەعریفە دەکات, چونکە ئەگەر بەربەریەتی دەسەلاّتی نوێ بەهۆی توندو تیژی بێت, ئەوا ئەو دەیەوێ لە ڕێگەی مەعریفەوە کەشفی تاوانەکە بکات, بەوەی دەقی مارکس لەتوانایدایە جارێکی تر ئومێدمان لەلا درووست بکاتەوە, چونکە ئومێد ئەو گوتارەیە لەناو دەقی مارکسدا نامرێت, ئەوەی دەمرێت ڕاڤەکردنی ئایدیۆلۆژیە, نەبینینی تارمایی هۆکارێکە بۆ نووسینی, بەوەی لە ڕێگەی نووسینەوە هەوڵی پەیوەندیی کردنو دەیالۆگ بدەین, بۆئەوەی دەلالەتەکانی دەق جارێکی تر بخەینە ناو پرۆسەی خوێندنەوە, بەوەی ئەگەر سێنترالیزمی لۆگۆسی چەمکێك بێت لەبەردەم تێزێکی ئایدیۆلۆژی, ئەوا دەبێ جارێکی تر دەق لە فەرامۆشی ناو یەك تێڕوانین, تەئویلی جیاوازی بۆ بکەین, ئەوەش گەڕانەوەیە بۆ هەڵوەشاندنەوەی بونیاد لە دەق, تاوەکو بیگەیەنێتەوە بەڕەگەزی جیاواز, ئەوکاتەش بەمانای گریمانکراو دەست پێدەکات, گریمانەکانی مانا وازهێنانە لە خوێندنەوەی

ڕووکەشانە و قسەکردنە لە بونیادە هەڵوەشێنەرەکانی دەق, ئەوەش دوانەلە ڕەگەزی ڕاستەقینە, نەك ستایشێك بێت بۆ دەقێکی نەخۆش, چونکە دەقی مارکس بەهۆی خوێندنەوەی ئایدیۆلۆژی نەخۆش کەوتبوو, کۆتایی مێژوو چەندە دەقی مارکس دەکاتە جەستەیەکی سستی بێ توانا, شۆڕشی ئۆکتۆبەر هێندەی ئەو نەخۆشی خستبوو, چونکە حەقیقەتی ناو گوتاری مارکسیزمی بۆ ناو چەمکێکی ئایدیۆلۆژی بردبوو, کەتوانای گەشەکردنی لێ سەندبۆوە.

ئەوەی لەناو دەقی مارکس ڕێگەی خوێندنەوەیەکی تێدا نەدرابێت زمانە, زمان لە خوێندنەوە کراوەتە دەرەوە, هەڵوەشاندنەوە کاتێ بونیاد لەناو سیستمی ڕێکخەر دەردەکات دەیەوێ سەرلەنوێ لەڕێگەی نووسینەوەی زمان دەقی مارکس بەرهەم بێنێتەوە, بەپێچەوانەی فەیلەسوفە هاوچەرخەکان کەمارکسیان فەرامۆش دەکرد, دریدا هەوڵیدا لە ڕێگەی گەڕانەوە بۆ زمان خوێندنەوەیەکی نوێ بۆمارکس بکات, بۆیە گەڕانەوەی تارمایی لەستایشەوە بۆ مارکس نەهاتووە, بەڵکو ئەو ستایش ناکات, هێندەی دەیەوێ ئەو دەقە تۆز لێ نیشتووە بخوێنێتەوە, بۆیە خوێندنەوەی بۆ ئەو فەیلەسوفە گەڕانەوەیە بۆ زمان

, چونکە ژیاری خۆر ئاوا بێ ئەوەی هەست بەو مەترسیە بکات, ململانێی لەگەڵ سەرمایەداری لەژێر دیدێکی فەلسەفی نەبوو, بەڵکو شەڕێکی ئایدیۆلۆژی بوو, چونکە بەهۆی فەرامۆشکردنی زمانی فەلسەفی مارکس لەدەقی فەلسەفیەوە گواسترابۆوە بۆ شەڕێکی ئایدیۆلۆژی, بۆیە کاتێ بەرەی ئەو شەڕە شکست دەخوات, خەوشێکی گەورەیە بەشکستی مارکسی بزانین, بەڵکو ئەوە شکستی ئەو دنیا ئایدیۆلۆژییە کە مارکسی کورت کردۆتەوە بۆ دیدێکی حزبی, بۆیە کۆتایی هێنان بەو دیدە ئایدیۆلۆژیە هەرگیز کۆتایی هێنان نیە بەو جیهانە فەلسەفیە, بەڵکو بەدوای مردنی ئایدیۆلۆژیا, دەبێ بە ڕێگا خۆشکەرێك کەتارمایی بگەڕێتەوە, تاوەکو لە سۆبجێکتی مارکسەوە دەست پێبکەین, ئەوەش خوێندنەوەو تەئویلکردنەوەی زمانی دەقە, پرسیارکردنە لەزەمەنی ئێستا, ڕەخنە گرتنە لەو دیدە ئایدیۆلۆژیە, بەوەی ئاخۆ ئەو زەمەنەی ئێستامان زەمەنی سڵاو کردنەلەو فەیلەسوفە, ئەوەش لەئەنجامی شوێن بزرکردنی وێنەی ڕاستەقینەو شێواندنی بەوێنەیەکی ئایدیۆلۆژی, دواجار بەشکستی ئایدیۆلۆژیاکە باڵی بەرامبەر سەرکەوتنەکە بە شکستی وێنە ڕاستەقینەکە ناو دەبات.

بۆیە دریدا دەیەوێ مارکسی ئایدیۆلۆژی کەلەڕاڤەکردن لە مارکسی فەلسەفیەوە وەرگیراوە ودواجار شێوێنراوە جیا بکاتەوە, بوونی جیاوازی لەنێوان ئەو دوو وێنەیەی مارکس خاڵێکی سەرەکی کارکردنیەتی لەسەر ئەو فەیلەسوفە, بۆئەوەی لەدەست نیشان کردنی جیاوازیەوە, ئەو گوتارە هەڵوەشێنێتەوە کەخۆی ناوناوە(گوتاری مارکسیزم).

لەڕێگەی هێنانەوەی "بۆ دۆخی تارمایی بوون دۆخێك کەهێشتا مارکس لەچالاکی ناو زماندایە نەك چالاکی ناو مێژوو"(4)

بەواتای دەقی مارکسی بۆ ئەو ساتەوەختە دەگەڕێنێتەوە کەلەڕێگەی زمانەوە هەوڵی کرانەوەی بدات, ئەوەش بۆ پۆزەتیڤی هەڵوەشاندنەوە ناگەڕێتەوە, بەڵکو بۆ دەقی مارکس دەگەڕێتەوە کەتایبەتمەندێتی کرانەوەی تێدایە, بۆیە ئەو کرانەوەیە کاتێ لەناو مێژوودا دیدی ئایدیۆلۆژی بەیەك جۆر سەیری دەکرد, ئەوا وێنەیەکی ناتەواو شێوێنراوی دەبەخشیە ئەو دەقە, هەڵوەشاندنەوە بەگەڕانەوەی بۆ زەمەنی نووسین و چالاکی نێو زمانو چالاکی ئەو ناوەندە کە زمانە دەق دەدوێنێت, چونکە کرانەوەی زمان ماناکانی دانەخستووە, بەڵکو بواری بە تەئویلکردن داوە, تاوەکو بەزەمەنی نادیاری خوێندنەوە بگات, ئەوەش تەئویلکردنی ئەو نهێنیەی ناو زمانە کە هەڵگری مەعریفەیەکی قووڵە, چونکە سەرباری ئەو هەموو ئاڵۆزیەی لەناو زماندا هەیە, بەڵام ئاڵۆزیەکان لەتۆڕێك لە ئاماژە پێکهاتوون, ئەو ئاماژانەش(کۆد)ی نووسین ڕێکی نەخستوون, یەکەی مانا ڕێژیی نووسینیان لەناو خۆیان هەڵگرتووە, بۆیە ئەو پرۆسە ڕەخنەییەی دریدا دوا مانا ئاشکرا ناکات, بەڵکو دەرخستنی جیاوازیەکە تاوەکو لەو جیاوازیەوە مانای تازە کەشف بکەین, بەدوای ئەو جیاوازیەوە دەتوانین سەرلەنوێ هەوڵی نووسینەوەی دەق بدەین, بۆیە ئەو خوێندنەوانەی تاك ڕەهەندانە سەیری دەقی مارکسیان دەکردوو پێیان وابوو ماناکانیان ئاشکرا کردووەو نهێنییەك نەماوە لەناو نووسینی فەلسەفی مارکس, ئەوە تەنها سەیرکردنی مەعریفەیەکی ڕووکەشانەی مارکس بوو, ئەوان تەنها ڕووی داخراوی دەقیان سەیر دەکرد, ئەو ڕەوەیان بەنهێنی نووسین ڕاڤە دەکرد, بەو سەیرکردنەش نەیان دەتوانی مارکس بکەنە فەزایەکی زمانەوانی, بەڵکو یەکەم بڕیار کەدەیاندا دەرکردنی زمان بوو لەناو دەقی مارکس, بەواتای ئەو دەقەیان لە فیکر جیادەکردەوە.

ئەو دەسەڵاتەی بەدەق دەدرێ وپیرۆزی بەو دەقە دەبەخشێ دەسەڵاتێکە ڕەت دەکرێتەوەو دەدرێتەوە بە خوێنەر, تاوەکو زمان بۆناو چەمکی فەلسەفی بخوێنێتەوە, و لەو تێگەیشتنە سادەیە جیای بکاتەوە, ئەوەش لە ڕێگەی نەمری دەق و لەدایکبوونەوەی بەدوای هەر پرۆسەیەکی ڕەخنەیی لەلایان خوێنەرەوە, (ڤالیری)ووتەنی مانایەکی ڕاستەقینە بۆ دەق بوونی نییە, نەبوونی مانای ڕەها بەواتای دەق فرە خوێندنەوە بەخۆی دەبەخشێت, چونکە زمان تاکە دەلالەتێك بەدەستەوە نادات, تاوەکو مەبەستێك دەست نیشان بکات.

گەڕان بەدوای مانا ناکۆتاکان خاڵێکی ناو هەڵوەشاندنەوەیە کەماناکانی زمان سنورێکی ئازادیان پێ دەبەخشێت, چونکە ووتراوی نووسەر ڕەها نیە, بەوەی کەووتراو لەنەزانینەوە هاتووە, زمان ئەو نەزانینە بە مەعریفە دەگۆڕێت, بۆیە تەنها نەووتراو دەبێتەوە بە نهێنی دەق, ئەوەش شاراوەیەکی ئەودیو زمانە.

ئەگەر دەقی مارکس لەووتراوەکانی دووچاری خراپی خوێندنەوە هاتبێت, ئەوا هەڵوەشاندنەوە بە گەڕانەوەی بۆ نەووتراوەکانی, زمانی دەق دەکاتە دەسپێك بۆ خوێندنەوە, تاوەکو بەکۆتایی هاتنی ئایدیۆلۆژیا سەرهەڵدانەوەی فەلسەفە ڕابگەیەنێتەوە, بۆیە دریدا دەیەوێ لە بری ئەوەی مارکس وەك تارماییەك سەیر بکەین, پێویستە ئەو توانایە لەناو خۆمان درووست بکەین کە مارکس وەك فەیلەسوفێك ببینین, نەك وەك تیزی ئایدیۆلۆژیو ڕابەری بلۆکێکی سۆسیالیستی, بۆیە بەسەیرکردنەوەی وەك فەیلەسوفێك دەتوانین گومان لە خوێندنەوەکانی پێشوو بکەین, بەتەنها گومانە دەتوانێ ببێ بەمیکانیزمێکی کاریگەر کەپاڵ بە پرۆسەی خوێندنەوە دەنێ, چونکە نەبوونی گومان بوو وای کردبوو مارکس لەدەقێکی فەلسەفیەوە بگوازرێتەوە بۆ دەقێکی ئاینی, بەوەی نابێ خوێندنەوە سنوری ماناکان ببەزێنێ, بەڵکو لەسەر بنەمای خوێندنەوە ئاشکراکان ڕاڤەکردنەکانی بخاتە ڕوو, ئەوەش لاوازی تێگەیشتن بوو لەدەقی فەلسەفی, چونکە نەریتێك میکانیزمی خوێندنەوەی بۆخۆی گەڕاندۆتەوە, کەوای کردووە سنورە زەمەنیەکان بپارێزێ, بۆیە ئەو خوێندنەوانە دیدێکی ئایدیۆلۆژی دەست نیشان کراوی هەبووە بۆ ئیشکردن لەسەر دەقی مارکس, کەدواجار مارکسی گۆڕیووەو هەموو دیدە فەلسەفیەکانی بۆ چەمکێکی ئایدیۆلۆژی کورت کردۆتەوە, بۆیە دەبێ ئەو خاڵە ڕەچاو بکەین کەچۆن تەئویل دەکەین, تەنانەت لەخوێندنەوەمان لەو زەمەنەی کەقسەلە مەرگی مارکس دەکرێت, دەبێ بزانین تەئویل بۆ دەقی مارکس ئاراستە ستراتیژەکەی لە کوێدایە؟ بەوەی ستراتیژی تەئویل دەبێ گۆڕان لەپرۆسەکە بخوڵقێنێ, چونکە دەقی فەلسەفی پێویستی بەتەئویلکردن نیە بۆ ڕاڤەکردن, بەڵکو پێویستی بە پرۆسەیەکە بۆ گۆڕان, ئەوەش دیدێکی مارکسیانەیەو دریدا دەیەوێ لەسەیر کردنی بۆ مارکس ڕەچاوی بکات.

بەبێ گەڕانەوە بۆ ئەو پاشخانە کلتوریەی کە زمان ئەکتیڤێکی سەرەکیەتی ناتوانین تەئویل بکەین, بەڵکو بەئاقارێکمان دەبات کە ستراتیژێکی لێڵ کۆمەڵێك دەرەنجامی دەرەوەی دەقی فەلسەفی دەخوڵقێنێت, ئەوەش درووست کردنی تارماییە, نەك کۆمۆنیزم, بەڵکو کۆمۆنیزم بوونی نەبووە, تارماییە لەشوێنی کۆمۆنیزم دەرکەوتووە, بۆیە ئەو دەنگەی قسە لەمەرگی کۆمۆنیزم دەکات, بەواتای قسە لەمردنی تارمایی دەکات بێ ئەوەی ئاگای لەوە بێت کەتارمایی نامرێت, بەڵکو لەهەر شوێنو کاتێکدا دەکرێ دەرکەوێتەوە, ئەوەش حەقیقەتی تارماییە کە (فۆکۆ یاما)ش لە تێزەکەیدا باش هەستی پێدەکات, بۆیە پێمان دەڵێت دەکرێ کۆمۆنیزم لەهەر شوێنو ناوچەیەکی تر سەرهەڵبداتەوە, بۆیە ئەگەر "ئێمە تارماییەکان نابینین, بەڵام ئەوان هەمیشە دەمانبینن و ناتوانین لەدەستیان هەڵبێین, واتا بەهەمان ئەو ئەندازەیەی تارمایی لەدەرەوە ڕا وێنا دەکرێ, لەناوەشەوە لەناو زەینی مرۆڤەکانیشدا وێنا دەکرێ"(5)

بۆیە ئەو تارماییەی لەشوێنی کۆمۆنیزم شکستی خواردووە, ئەوە شکستی کۆمۆنیزم نەبووە, بەڵکو تارمایی بووە, بەڵام تارمایی لەتوانایدایە بەشێوەو شێوازی جیاواز بگەڕێتەوە, ئەو تارماییەی لەناو ئایدیۆلۆژیاوە هاتو شکستی خوارد, ئەوە شکستی ئایدیۆلۆژیایە نەك فەلسەفە, بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا تارمایی مارکس ئەو ئەفسانەییە تا لێیەوە دەرباز نەبین, ناتوانین لەبارەی مارکسەوە بدوێین, چونکە بە ئەفسانە سەیرکردنی وامان لێ دەکات, لەدەرەوەی تێگەیشتنەکاندا وەك فەیلەسوفێك سەیری بکەین, کاتێ بلۆکی سۆسیالیستی دەرووخێت, بەمردنی ئەفسانە ناو دەبرێت, بەڵام ئەو ئەفسانەیە بوونێکی ناواقیعیەو دروستکراوی خودیی سەرمایەداری خۆیەتی.

ئەگەر قسە لەمردنی تارمایی بکرێت, ئەوە تارماییە ئەنتۆلۆژیەکە مردووە, نەك ئەو تارماییە فەلسەفیەی کە نامرێت, بەڵکو لەبەرامبەر کۆتایی مێژوودا زیندوویی خۆی ڕادەگەیەنێت, بۆیە کاتێ توانای ئەوەمان نابێت مارکس لە ئەفسانە دەربکەین یان تاسای ئەوە بکەین کەئەوە مردنی تارماییە ئەنتۆلۆژیەکەیە, هۆیەکەی ئەوەیە مارکسیزم بووە بە ساتەوەختێکی ئایدیۆلۆژی, کە دەبێ ئەو هەڵچوونە ئایدیۆلۆژیە بگۆڕدرێت بەئاستی ڕەخنەیی, بەوەی هەوڵی ڕەخنەی بدەین لەناو دەقەکانیدا, چونکە ئەو زەمەنەی ئێمە تیایدا مارکس دەخوێنینەوە, جیاوازە لەو زەمەنەی مارکس تیایدا نووسیوە, وەك چۆن مارکس لە ئەمڕۆدا جەستەیەکی بایۆلۆژی مردووە, بەڵام دەقێکی زیندووە, مردنی ئەو مەرگێکی بایۆلۆژییە, ئەو لەناو نووسین پانتاییەکی زیندووی ناو ڕووبەری فەلسەفی داگیر کردووە, ڕووبەرێك دریدا ئەو مردنەی فۆکۆیاما بە مارکسی دەبەخشێت, جگە لە مردنێکی بایۆلۆژی بەهیچی تری نازانێ, ئەوەش شەڕکردنە لەگەڵ تارماییەکان, ئەو کارە ش دواندنەوەی دەقە بۆ هەڵوەشاندنەوەی ئەو کلتورەی لەناو زەمەندا خۆی بەهەڵگری گوتارێك زانیووە کەتەنیا تارمایی ناو گوتارەکە بووە.

بۆیە هەڵوەشاندنەوە دەست نیشان کردنی سەرکەوتنو شکستی ئەو دیدگا مارکسییە نییە, هێندەی مەبەستیەتی تارماییەکان لەمارکس بتەکێنێو لەویان جیا بکاتەوە, کەمەترسیترینیان بینینیەتی بە موقەدەسێك کەخاوەن مەملەکەتێك بێت, چونکە ئەوەیان بەتەنها ترسی دریدا نیە بەڵکو یەکێکە لە مەترسیەکانی خودیی مارکس خۆشی, کاتێ لە (ئایدیۆلۆژیای ئەڵمانی) بەیەکێك لەوێنەکانی تارمایی ناوی دەبات.

بۆیە هەڵوەشاندنەوە جارێکی تر دەیەوێ لە گەڕانەوە بۆ دەق هەوڵی هەڵوەشاندنەوەی ڕەگەزە بەرهەم هاتووەکان بدات, تاوەکو تارماییەکان لەناو نووسین دەربکات, ئەوەش ستراتیژێکی سەرەکی ئیشکردنی دریدایە لەو پرۆژەیە, بۆیە ئەگەر تارمایی هاملێت دەرکەوتنی حەقیقەتی کوشتنی باوك بێت, دەبێ بزانین ئەوە کام حەقیقەتە دریدا دەیەوێ لەپشت تارماییەوە بۆمانی دەربخات؟

چونکە ئەگەر لە ڕاڤەکردنی (فرۆید)ەوە, ئۆدیب کاتێ تاوانی کوشتنی باوك ئەنجام دەدات, بۆ ئەوەیە بە دایك بگات, بەڵام هاملێت دوو دڵە لەو تاوانە, ئەو تاوانە دواتر کەسێکی تر پێی هەڵدەستێ کەبرای باوکەیە, بەواتای هاملێت وەك ئۆدیب بەرەو ئارەزووەکانی ناچێت, ئەو دوودڵە لەگەیشتن

بەدایك, ئەگەرچی دواتر فرۆید هەردوو پاڵەوانەکە لەناو هەستی(چەپاندن) کۆدەکاتەوە, بەلاّم چەپاندنێك لای ئۆدیب شۆڕش شوێنی دەگرێتەوە لە ڕێگەی کوشتنی باوکەوە, کەچی هاملێت پاشگەز دەبێتەوە, چونکە ئەو تەنها مەبەستی کوشتن نییە, چونکە کوشتن تەنها بە پڕۆسەی سێکسی دەگەیەنێت, وەك چۆن ئۆدیب دواتر بە جۆکاستای دایکی دەگات, لەکاتێکدا هاملێت بەهۆی باری دەروونی خۆی کەخاوەن کەسێتیەکی هیستریاییە, وەك لە ڕاڤەکردنی فرۆید هاتووە, بۆیە لەپڕۆسەی سێکسی خۆی بەدوور دەگرێت, بەگۆشەگیربوون ودوورکەوتنەوە لە کوشتنی باوك وسێکسکردن لەگەڵ دایك, ئەوا مامی ئەو کوشتنو پڕۆسە سێکسیە ئەنجام دەدات, بەواتای خەونی ئەو دەگوازرێتەوە بۆکەسێکی تر.

ڕەنگە لێرەدا باشتر بگەینە ستراتیژی پرسیارەکەی دریدا لەگەڕانەوەی تارمایی هاملێت, چونکە دریدا هەرگیز بەو مەبەستە تارمایی ناگەڕێنێتەوە کە مارکس عەشقی نووسینەکانی شکسپیر بووە, بەڵکو مەبەست لەو خەونەی جیهانی مارکسیەتە کەدواجار لەڕێگەی تاوانی کوشتن براکەی دەسەلاّت وەردەگرێت, ئەو کاتە دەبێ ئەوە بڵێین کە دریدا چەندە مارکس دەگەڕێنێتەوە, هێندەش دیدو بۆچوونەکانی بەدەر نییە لەدوو تێڕوانینی فەلسەفی, تێڕوانینی یەکەم ئەوەیە, کەگەڕانەوەی تارمایی بۆ ئەو دێرە دەگەڕێتەوە"کەسێك دێتە پێشەوە, من یان تۆ, دەڵێ: دەمەوێ فێربم کە زیندوو بم"(6)ئەوەش لەژێر ڕاڤەکردنی فرۆیدەوە ئیش دەکات, چونکە"شکسپیر دوای مردنی باوکی هاملێت دەنووسێت, فرۆیدیش بەڕاڤەکردنی بۆخۆی دوای مردنی باوکی بەساڵێك ڕاڤەی دەکات"(7)

بۆیە مردن ئەو حالەتەیە کەفرۆید ڕاڤەکردنە سایکۆلۆژیەکەی پێدەخاتە ڕوو, دواتر دریداش بۆ تەئویلکردنی مارکس پشتی پێ دەبەستێ, مردنی باوك لای هەریەك لە شکسپیروفرۆید تارماییەك بەرهەم دێنێت, تارماییەك بۆیەکەمیان دەقێکی شانۆیی وبۆئەوی دیش دەقێکی ڕەخنەیی کەدەرەنجامە سایکۆلۆژیەکانی تیا دەخاتە ڕوو, بەڕووخانی بلۆکی سۆسیالیستی ئەوەی بە (مردنی مارکس) ناو دەبرێت, کەلای دریدا ئەو حالەتە لێکدانەوەیە بە مردنی باوك, بۆیە دەقی سێیەم دێنێتە بەرهەم, کەدەقێکی فەلسەفیە(تارماییەکانی مارکس).

بەواتای لای هەریەکە لەو سیانە مردنی باوك دەبێتە پڕۆسەیەك بۆ خولّقاندنەوەی ژیان, بەلاّم جیاوازیەکە لە دیدە فەلسەفیو دەرەنجامەکانەوەیە, کەهەریەك لەو سێ دەقە دەگەن بە پرسیارو دەلالەتی تایبەتی خۆیان, کەلەویدی خۆی جیادەکاتەوە, کە دەکرێت جیاوازیەکانیان لەیەکتری دەست نیشان بکرێت, بۆیە دریدا خوێندنەوەیەکی ڕەهامان بەسەردا ناسەپێنێ, هێندەی دەسپێکێك بۆ جیاوازی خوێندنەوەمان لا درووست دەکات, کەئەویش مەبەستی هەڵوەشاندنەوەیە, کەهەڵوەشاندنەوە لە ئاراستەی کارەکانیدا تێڕوانینی فەلسەفی دووەم, بەدوای تێڕوانینی یەکەم (فرۆید) لە ڕەخنەکانیدا هەستی پێدەکرێت, ئەویش لەدیدگای کارکردنیەتی, کەپەیوەندیەکی ڕاستەوخۆی بە"نیتچە"وە هەیە, لەبەکارهێنانەوەی زمان.

چونکە زمانی نیتچە خاوەن توانایەکی ڕەخنەیی جیاوازە بۆ هەڵوەشاندنەوە, بەوەی ڕەخنەگرتنی لە عەقڵ هەرتەنها ڕەخنەیەك نەبوو, بەڵکو سەیرکردنی عەقڵ بوو وەك پڕۆژەیەکی نیهیلیستی, بۆیە دریدا هەروەك چۆن قسە لە تارمایی دەکات, ئاواش لەناو کارەکەیدا تارمایی نیتچە "هەیمەنەیەکی زۆری خستۆتە سەر بنیاتی فەلسەفی دریدا, یاڕاستر بۆسەر هەڵوەشاندنەوەکەی ونەزعە وێرانکاریەکەی"(8)

کەواتەئەو کتێبەی دریدا لەو دیو دەقی مارکسەوە, پشتی بە دوو فەیلەسوفی مەزن بەستووە بۆ هەڵوەشاندنەوە, بۆیە ڕەنگە ڕووبەرووی پرسیارێکی لەچەشنی ئەوە بینەوە, کەئایا دریدا نەیویستووە لەڕوانگەی خودێتی خۆیەوە قسە بکات؟

ڕەنگە پرسیاری لەو شێوەیە تەنها سەیرکردنێکی تاکڕەهەندانی مردوو بێت بۆ ئەو دەقە, چونکە دریدا لەدەقی(تارماییەکانی مارکس)دا مەبەستی نەبووە بە تەنیا باس لەفەیلەسوفێك بکات کەقسە لەمردنی دەکەن, هێندەی مەبەستیەتی لەودیو ووتراوەکانی لەسەر مارکس, لەناو نەووتراوی زماندا پڕۆژەیەکمان بخاتەوە بیر, پڕۆژەی ئەو سێ فەیلەسوفەی توانیان گۆڕان لەعەقڵی فەلسەفی بێننە کایەوە, بۆیە ئێمە نەووتراوی ئەوە نادۆزینەوە کە مردنی مارکس بگۆڕینەوە بە مارکس نەمردووە, بەڵکو قسەکردنەکان دەگوازرێنەوە بۆئەوەی کەمردن وکۆتایی فەلسەفە کارێکی بێمانایە, ئەوەی بەڕووخانی حکومەتی شورەویی مرد فەلسەفە نەبوو, بەڵکو ئایدیۆلۆژیاکان بوون ئەوانەی مارکسیان بە حزبی کردبوو, بەهەرەسهێنانیان لەبەرامبەر سەدەیەکداین کەسەدەی کۆتایی هاتنی ئایدیۆلۆژیایە, سەدەیەکە بۆ سەرهەڵدانەوەی فەلسەفە, گەڕانەوەی دیدگای فەلسەفی"مارکس ونیتچە وفرۆید"ە بۆ خوێندنەوەی سەردەمیانە, بۆیە هەڵوەشاندنەوەی کۆتایی مێژوو گەڕانەوەی ئەو سێ فەیلەسوفەیە کە ژیاری خۆر ئاوایان بەرەو ئاراستەیەکی نوێ برد, ئاراستەیەك کەئەمڕۆ کۆتایی مێژوو, بە پڕۆژەیەکی ئایدیۆلۆژی مردوو سەیر بکات.

هەڵوەشاندنەوە ئەوەمان لەناو دروست دەکات کە فەلسەفە کۆتایی نییە, بەڵکو لەفەلسەفەدا(تەواو بوون)هەیە, تەواو بوون بۆ کار لەسەر کردنەوەیە, کاتێ نیتچە تەواو دەبێ مانای وایە ژێرخانی ئەو کلتورە فەلسەفیەو ڕەگەزەکانی دەرکەوتوونو دەتوانرێ خەسڵەتە فەلسەفیەکانی دەست نیشان بکرێت, ئەوەش دۆزینەوەی جیاوازیە لەنێوان هەردوو چەمکی (تەواو بوون)و(کۆتایی), ئەوەش جیاوازیە لەنێوان ئایدیۆلۆژیاو فەلسەفە.

ئەگەر بمانەوێ قسە لە(تەواو بوون) بکەین, ئەوە پەیوەندیی بەبەردەوامی هەیە, فۆکۆ دەسبەرداری نیتچە نەبووە, وەك چۆن دریداش لە (تەواو بوون)ی هایدگەرەوە جارێکی تر هەوڵی خولّقاندنەوەی ڕەخنە دەدات, لەڕێگەی پرسیارەوە کەهەر ئەو کلتورە فەلسەفیەشە بەردەوامی پێدەبەخشێت.

بۆیە فەلسەفە پڕۆژەیەکی ئەبەدییە, ئەوەی کۆتایی دێتومەترسی مردنی لێ دەکرێت(کۆتایی میتا فیزیکیا)یە, کۆتایی میتافیزیکیاش, کۆتایی ئایدیۆلۆژیا بوونی فەلسەفە دەکاتە پێویستیەك , بۆیە لەبەردەم چەمکی مردن ئاساییە لەو نهێنیە تێبگەین کەئەوەی دەمرێت (فۆکۆیاما)یە نەك

مارکس, ئەوەی ئەو نهێنیەشمان بۆ کەشف دەکات, نەمیتافیزیکیا یەو نەئایدیۆلۆژیا, بەڵکو هەڵوەشاندنەوەیە, بێ ئەوەی ستایش بکات دەیەوێ بەها ئاکاریەکان بگەڕێنێتەوە, کەبێ هێنانەوەی مارکس گەڕانەوەی بەهاکان تەواو زەحمەتە, ئەویش گەڕانەوەی مارکسێکە کە هێشتا لەناو زمان کاردەکات و بەحزبی نەکراوە, مارکسێك پێمان دەڵێ, لەڕۆژگارێکدا ین ڕۆژگاری سەرهەڵدانەوەی فەلسەفەو کۆتایی ئایدیۆلۆژیایە.

**پەراوێزو سەرچاوەکان**


(1) أگیاف مارکس/جاك دریدا, ترجمە"د.منژر عیاشی, مرکز الانماو الحچاری/حلب-1995, ص25

(2)مارکس پاش مارکسیزم/بابەك ئەحمەدیی, وەرگێڕانی"ئازاد بەرزنجی" سەردەم ژمارە 14,لا154

(3)بیان الاگیاف/ ندیم نجدی, دار الفارابی(بیروت)الگبعە الاولی 1999, ص48

(4)لەنێوان تارمایی و بەرجەستە بووندا/شاهۆ سەعید, سەردەم ژمارە 14, لا156

(5)هەمان سەرچاوە, لا171

(6) أگیاف مارکس/جاك دریدا, ترجمە"د.منژر عیاشی, مرکز الانماو الحچاری/حلب-1995, 15

(7) بیان الاگیاف/ ندیم نجدی, دار الفارابی(بیروت)الگبعە الاولی 1999, ص109

(8)هەمان سەرچاوە/لا91